# پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن


2016

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

ناوی کتێب: دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا
لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیا و سۆماڵ
بابەت: توێژینەوەی سیاسی و ئابوری
ناوی نووسەر: مارتن میرفی
وەرگێڕانی: هەڵگورد جەلال
هەڵەچن: نیاز جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر
دیزاین: ئومێد محەمەد
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 3000 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1039)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (106)

# دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیا و سۆماڵ

مارتن میرفی
وەرگێڕانی : هەڵگورد جەلال

# پێڕست


پێشەکی.................................................................................9
هۆکاری گرنگی ئەمنیەتی دەریا چییە؟................................................10
بارودۆخی چەتەکانی دەریا لە هەرسێ ناوچەکەدا.................................12
هۆکاری یارمەتیدەر بۆ هەبوونی چەتەکانی دەریا.................................24
سێ چەتە دەریایەکە، سێ وەڵامەکە......................................................26
چەتەکانی دەریا تەنها هۆکار نین.........................................................38
گۆڕانکارییە بەسودەکان لە کەنداوی عەدەن و دەریا عەرەبی................39
پووختەی ئەو وانانەی دەبێت سودیان لێوەربگرین؟...............................40
پێگەی  وشکانی و دەریاییمان ؟..............................................................43
هەڵسەنگاندنەکان.........................................................................45

# پرۆژەی
# توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە رووداو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابورییەکانی جیهان، کە ناوەندە سیاسی و ئابورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درککردن بە رەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

روداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچەو سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە رودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابوری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر.

لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕو کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

جیهان لەسەر دەستی زلهێزەکان و کارتێلە گەورەکانی بواری سەرمایە، وزە، نـەوت، سەربازی و هەژمونی وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری، ئەوانە و هەژاری و نەداری و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسیا و ئەفەریقا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپای کۆن و بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، پڕە لە جینایەت و کردەوەی دڕندانەی سەرکوت و داپڵۆسین و لەسێدارەدان و کودەتای سەربازی و برسیکردن و هەژارتربوونی هەژارەکان و سیستمی زاڵی دیکتاتۆرییەت و ژیانی مەمرەو مەژی.

پاشماوەکانی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی هێشتا ئاسەواری بەسەر جیهاندا ماوەو تادێت وڵاتانی جیهان زۆرترو زیاتر خۆیان پڕ چەك دەکەن و لەهەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی زیاتردان و کۆمپانیاکانی چەك فرۆشتن رۆژانـە مۆدێلی نوێ و تازەتری چەك و فرۆکە و کەشتیگەلی مەترسیدارو گرانبەها دەخەنە بازاڕی ململانێکانەوە.

لەسەر ئاستی جیهان فایلی گەرم و گوڕو پڕ کێشە و قەیران بەردەوام روودەدەن و دووبارە دەبنەوە، لە بابەتی شەڕی نیمچە کیشوەری هندستان و پاکستان، کێشە و ململانێی نێوان سریلانکا و پڵنگەکانی تامیل، کێشەو هەژاری لە بەنگلادیش، شەڕی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئەفغانستان، کشمیری پڕ لە پشێویی، هەروەها قەیرانەکانی نێوان هندو پاکستان و چین درێژەی هەیە.

لە ئاسیا، ئەفەریقا شەڕو کوشتاری هێزە شیعی و سوننیەکان لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان و لوبنان تادێت ژمارەی کوژراو قوربانییەکان روو لە زیادبوون دەکـات. لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵەکان، کە لەلایەن عەرەبستانی

سعودیە، قەتەر، تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری و باربوو دەکرێن و بەرییانداوەتە گیانی یەکترو هەر ئەم گروپە ئیسلامییانەن بوونەتە مایەی شەڕو کوشتار و جەنگێکیماڵوێرانکەر لە عێراق، ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و مالی نەیجیریا و تادەگاتە رادەی ئاستی مەترسی تیرۆر و کوشتار لە پاریس، واشنتۆن، رۆما، لەندەن و مەدرید.

هێشتا فرۆکەکانی وڵاتانی زلهێزو ژێردەریایی و کەشتیگەل و بنکە سەربازییەکانیان لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەفڕن و لەئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسوڕێنەوە باشتر دادەمەزرێن و هەڕەشەی زۆرترو زیاتر لە جیهان دەکەن و بـەردەوام دوکەڵی بۆمبەکانیان بەسەر ئاسمانی وڵاتانی هەژارو بێ دیفاعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رەش دەچێتەوە.

ئەم زنجیرەناملیکەیە، ئاشناکردنی خوێنەری کـوردە بەو روداوانــەی کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی کوردستان جێدەهێڵن.

دەزگای ئایدیا ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و روانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە روداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو رووداوەکان فۆڕمی گلۆباڵیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوەو سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزترو توندتر کردووە.

بەو ئومێدەی ئەم زنجیرە ناملیکەیەی دەزگا ئایدیا هەوڵێك بێت بۆ دانانی کاریگەری باشتر و تێگەیشتن لەو روداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن.

**پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

## پێشەکی

نزیکەی نیو سەدە زیاتر دەبێت چەتەکانی دەریا لە سۆماڵ، جیهانی دەریاوانیان هەژاند، بە شێوەیەکی بەردەوام بوونەتە جێگەی مەترسی لەسەر هاموشۆ دەریاییەکان لە دەریاوانی و بارهەڵگرە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن ئەو لایەنانەی کە بە دەوڵەتانی نادەوڵەت ناودەبرێن.

هەروەها چەتەکانی دەریا لە چەند ناوچەیەکی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا و خۆرئاوای ئەفریقیا بوونیان هەیە، لە هەموو ئەو رووداوانەشدا لە لایەنی نێودەوڵەتییەوە، رەنگدانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە.

کەواتە ئەوەی کە دەبێت بە وانەیەك لەم سێ شوێنە (باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیا، سۆماڵ)، دەبێت چی بێت؟

دەتوانرێت بەجۆرێك کورت بکرێتەوە، کە دەبێت باشترین کاری نێودەوڵەتی رایی و جێبەجێش بکرێت لە کەنداوی عەدەن و باشوری دەریای عەرەب.

ئەم کارە شتی زۆر لە خۆی دەگرێت، لە چۆنێتی بڵاوبونەوەی ئەم چەتە دەریایانە لەم سێ شوێنەدا و هۆکارەکانی چییە؟ بە تایبەتی هۆکاری زیادکردنی زۆربەخێرایی مەترسی لەسەر گەشتیارانی دەریاکانی سۆماڵ، کەمبوونەوەی رێژەکەیان، بەردەوام بوونی ئەوکەسانەی کە ئەمکارە دەکەن لەم شوێنانە، هەروەها وەرگرتنی وەڵام یاخود بیروڕای وڵاتانی نێودەوڵەتی، سەبارەت بەوەی کە بەرپرسیارێتی خۆیان لە ناوچەکانی نزیك قەراغ دەریاکانی سۆماڵ، زیاتردەکەن یاخود نا؟

بە جۆرێك ئەگەر لە کاتێکدا پشت و پەنای وڵاتانی نێودەوڵەتی وەربگرین، دەتوانرێت کارەکان زووتر باشتر بکات و کێشەی ئاسایشی دەریاوانی زووتر چاك ببێت، کە ئاڵۆزییەکی زۆری دروستکردوە

لە ئیش وکارەکانی دەریادا و هەر ئەوەش نا کە بەردەوامن لە دزینی ماسی راوچییەکان و بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەرەوە، کە ئەمانەش رێگە خۆشکەرە بۆ بازرگانی کردت بە چەك و مرۆڤەوە و ئەمەش کێشە گەورەکەیە. بۆ ئەم کارەش پشت دەبەسترێت بە ئەو خوێندنەوانەی کە دەکرێت لە بارەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە روودەدات لە بواری ئەمنی دەریایی، لەوسێ ناوچەیەدا. کە دەکرێت لە رووی نێودەڵەتیەوە بەکاربهێنرێت و لە کەنداوی عەدەن و دەریای عەرەبی جێبەجێبکرێت.

ئێمە دەبێت لێرەوە ئیتر باسی کێشە سەرەکیەکە بکەین، کە بەشێکە لە ئەمنیەت و سەلامەتی وشکانیش، بۆیە ئێمە لێرەدا پرسیار لەوەدەکەین کە ئاخۆ چیکراوە بۆئەوەی چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت لە ناوخۆی سۆماڵدا، کە لە راستیدا وڵاتانی نێودەولەتی پیشتوانی ئەوەن کە چارەسەربکرێت.

دەبێت لە کۆتایی دا چاوەرێی ئـەوە بکرێت کە بەیەکەوە خوێندنەوەیەکی یەکگرتووی نێودەولەتی بۆبکەین، یاخود دەکرێت لە رووی ئاستی ناوچەیی، بڕیاری لەسەر بدرێت و داوای یارمەتی بکرێت لە وڵاتانی دەرەوە بە پێی پێویست.

## هۆکاری گرنگی ئەمنیەتی دەریا چییە؟

کاردانەوەی ئێمە سەبارەت بە دەریا و بەکارهێنانەکانییەوە، شتیکی ئاڵۆزە و رێکخراو نییە لە هەموو کاتێکدا، ئەوەی لە ئاسۆدا روودەدات زۆرجـار نابێتە هۆی دوودڵـی گـەورە، ئـەوەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، هەندێکجار ئەوەی روودەدات لەوێ، هەرلەوێ دەمینێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا بێگومان ئەوەی لە دەریادا روودەدات، کاردەکاتە سەر ئەوەی لەوشکانییدا روودەدات، زۆر بە قوڵیش، زۆر کەس و زۆر وڵاتیش پێیانوایە، کە ژیان زۆر بەخێرایی وێران دەبێت ئەگەر ئەوەی لە دەریاوە دێت، بەرە و نەمان بچێت.

بازرگانی نێودەوڵەتی پشت بە دەریایەکی ئەمنییەت دەبەستێت، وادەکات بازرگانی و وەبەرهێنەرەکان بپارێزێت لە بەندەرەکان و شوێنە سەرەکیەکان، چونکە ئەگەر بەندەرەکان و شوێنە سەرەکیەکان یارمەتیدەربن، ئەوا وەك رێگە ئاسینەکان و رێگە خێراکان نەك هەر باش نییە، بەڵکو بۆتەهۆی دوورخستنەوەی ئەو بارهەڵگرە باشانەی کە بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو کاردەکەن، لە کۆتاییدا نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ناوخۆی تێچوونەکان و رێگری بکات لە بەهێزکردنی بواری ئابوری.

ئەو کەشتیانەی کە لەو بەندەرانەی گونجاو نییە دەوەستن، تەنها ئەو کەشتیانەی کە کۆن و خاوێن و لەلایەن ئەو کۆمپانیاوە بەکاردەهێنرێت کە لە ئاستی دووەمدان، ئەم هۆکارەشیان وایکردوە ئامانجێکی ئاسانی چەتەکانی دەریابن. سەرەڕای ئەوەش، تێچوونێکی زۆری دەوێت کە لە ئیستادا جیهان پێویستی بەو برە پارەیە، لەداهاتووشدا لەبواری دەریاییدا، کە تائێستاش ماسیەکان بەشێکن لەو دەریایانە و بەکاردەهێنرێت لە خواردنی مرۆڤەکان، ئەوەی دەمنێتەوە لە کۆکردنەوەی ماسی لە کۆگاکاندا دەبێت پارێزگاری لێبکرێت لە راوکردنی نایاسایی، لە بەرئەوەی دەرکەوتنی شێوازی تازەی راوکردنی ماسی لە دەریای چین سەرچاوەی مەترسی گەورەیە و وادەکات ئەمنییەتی دەریاکان بکەوێتە مەترسییەوە و بەرهەمهێنان تێیدا کەمبێتەوە لەو ناوچەیەدا بە گشتی، ئەمەش دەبێتە هۆی بنبڕکردنی ئیشکردن و کۆکردنەوە و دەستکەوتنی سەروەت و سامان.

هەروەها ئەوجۆرە دەریایانەی کە سەلامەت نین، رێگە خۆشدەکات بۆ بازرگانیکردنی نایاسایی چەك، ماددەی هۆشبەر، مرۆڤ و چەندکارێکی تر. کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەڕووی سیاسی و ئابورییشەوە بارودۆخ جێگیر نەبێت لەو دەوڵەتانە، لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین کە دەریا سەلامەت نەبێت، ژیانی دەریاوانەکانیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

## بارودۆخی چەتەکانی دەریا لە هەرسێ ناوچەکەدا:

1) سۆماڵ

تا ئێستا چەتە دەرياييەكانی سۆماڵ كێشەی لەسەرە، كارەكانی ئەم چەتانە لە كەنداوی عەدەن كاريان دەستپێكرد و دوای كەمێك لە كەوتنی ديكتاتۆر محەمەد سيادبەری لە ساڵی 1991، لە سەرەتا كەشتييەكانی راوكردن و بارهەڵگرەكانی گرتەوە، ئەمەش هۆكاری دەركەوتنی ژمارەيەكی زۆر لەرێگرەكان بوو، رووبەڕوبوونەوەكان لەسەر مافی وەرگرتنی راوە ماسی بە هۆكاری يەكەم دادەنرێت بۆ دەركەوتنی ئەو هەموو چەتە دەرياييە، كەشتی لونسيلا، بۆنموونە لە ئەيلۆلی ساڵی 1994 رفێندرا، كە تەنها كەشتيەكی راوكردن بوو دوای فڕاندنی بەكاردەهێنرايەوە وەكو كەشتی دايك بۆ هێرشكردنەسەر كەشتی تر، بۆماوەی پێنج رۆژ بەكارهێنرا بۆ ئەو كارانە، لە پێش رزگاركردنی.

بەڵام بۆ بەدەستهێنانەوەی باری ئاسايی لەم دۆسيەيەدا، زۆر هەڵە دەبێت كە باس لە رۆڵی راوكەرەكانی ماسی نەكرێت، بە تايبەتی لەو كردەوە دزينانەی كە لە لايەن راوچييە بيانييەكانەوە دەكرێت. بۆيە راوچييەكان داوايانكردووە كە لە سۆماڵ، بەرگری بكەن لە خۆيان و لەو دزييانەی دەيكەن. بەپێی وتەی لێپرسراوانی ويلايەتە يەكگرتووەكان بۆ كاروباری دەريای نزيك باكوری خۆرهەڵاتی سۆماڵ، بە «ماڵی ناوچەی شەڕ» ناوبرا، لە سەرەتای سەدەی بيست و يەك.

ململانێيەكی زۆر لە نێوان سۆماڵييەكاندا هەبوو، لەسەر ئەو پاسەوانانەی دائەنران بە پێی داواكاری گەورەكانيان، لەسەر ئەو كەشتييە بيانييانەی كە پێشبڕكێ دەكەن لەسەر پيلانەكانی ناو دەريا.

لەبەر ئەمانە راوچييە سۆماڵييەكان هيچيان بۆ نەمايەوە، بەس بۆ ئەوەی كە دووربكەونەوە لەو كەشتييە بيانيانە، دوای ئەوە ياسای كاری راوكردنی ماسی لە سۆماڵ دانراو رێكخرا لە دوای ساڵێك پەرەی

سەند بەرەو یەمەن لەساڵی 1991 بەڵام مافی راوچیە باشەکانی پشتگوێخراو و هەروەها هاندانی دزینی راوەکانیان.

له ساڵی 2000، رووبەڕوبوونەوەی زۆر رویدا لە نێوان سەرکردەی راوچییەکان و ئیدارەی دەریا دوورەکانی نزیك باکوری رۆژهەڵاتی ناوچەی بونتلاند، کە لە ساڵی 1998 دامەزرێندرا بەیەکلایەنی، دواتر هاوپەیمانی بەسیت لەگەڵ کۆمپانیای هارت سیکیۆرتی بۆ سەلامەتی، کە خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دروستکردنی لیژنەی سەلامەتی لە کەناراوەکان ئەو ناوچەی، کە ناونرابوو ناوچەی ئابوری پاك. پارەی ئەو لیژنەی بەرگریکردن و سەلامەتییەی دروستکرا، لەو پارە کۆکراوەیە دەدرا کە لە پێندانی مافی راوچێتی وەردەگیرا.

بەڵام بە هۆی دروست بوونی کێشەی سیاسی ئەو کۆمپانیایە ناچاربوو لە ساڵی 2001، ئەو ناوچەیە جێبهێڵێت، ئەوەش کارێکی ناخۆش بوو، وایکرد لە دوای خۆی 70 بۆ 80 کەس بەبێ ئیش و کارمانەوە، کە ئەو کەسانە راهێنانیان پێکرابوو لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی بەلەم و چەکی بچوك و چۆنێتی سەرکەوتن بەسەر کەشتیەکان. ئەو راپۆرتانەی دواتر بڵاوبونەوە رایانگەیاند کە زۆربەی ئەو کەسانە بوونە دەریاوانی رەسەن.

گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە ساڵی 2005 دا روویدا، لە کاتێکدا گروپێکی تازە دەرکەتن و کارەکانیان گرتە دەست کە لە ناوچەی هارادیری هاتبوون، کە یەکێکە لە گوندەکانی نزیك کەناراوەکانی ناوچەی مودوغ، دەکەوێتە باشوری بونتلاند، هۆکاری سەرەکی دروست بوونی ئەو گروپە بەهۆی ئەندام بوونیان لە بنەماڵەی سلیمان ناوخۆی کە ناسرابوو بە محەمەد عەبدی حەسەن و بە سەرۆك بانگ دەکرا (Afweyne) . بەپێی زمانی سۆماڵی، کە پەیوەندیەکی باشیان هەبوو لەگەڵ بونتلاند بە تایبەتیش لەگەڵ عەبدوڵلا یوسف عەلی، ناوبراو

سەرۆکی بونتلاند بوو تا ساڵی 2003، پێش دەست بەکاربوونی وەك سەرۆکی حکومەتی تازە لە سۆماڵ و تا ئێستاش بەڵگەکان لەسەری ماون.

بەڵام ئەمە بەس نەبوو، ئەم تیمە نەیانتوانی دەربچن بەبێ سیاسەتێکی پارێزراوی بەهێز، کە وا باسدەکرا کە پێگەی سەرەکییان لە مودرع بوو، زۆر دووربـوو لە هەموو چاودێرییەکی حکومەت و پیشبڕکێی بنەماڵەکانی بۆتلانیدی، رووبەروبوونەوەکانی ئەم عەشیرەتانە، زۆربەی کات لە پایتەختی مەقادیشۆ روویدەدا.

بە پێی (ئەشیر)، سەرکردەیەکی چەتە دەریاییەکان، محەمەد عەبدی حەسەنی دانا وەك نموونەیەك بۆ سەرکەوتنی کاری چەتە دەریاییەکانی سۆماڵ لە دوای ساڵی 2005 وە، کە هەستا بەرێگری کردن لەو چەتە دەریایانەی پێشینەیان هەبوو، لە نێوانیاندا (بویە)، چەندانی تر کە ناوبانگی خراپییان دەرکردبوو، گواستنەوەیان بۆ باشوری هاراویری، ئەو نمونەی بۆ ئەوە بەکارهێنرا تا بڵێت سۆماڵ وڵاتێکی سەرکەوتوو نیە و بەرژەوەندی بنەماڵەکانی سەرکەوتوو دەبێت بەسەریدا.

محەمەد عەبدی حەسەن رێککەوتنی لەگەڵ چەند سەرۆکێکی بنەماڵە گرنگەکاندا بەست، دواتر دەستیکرد بە دەست بەسەرداگرتنی کەشتی و تیمەکانی کە کاریان تیدادەکرد، بۆ ئەوکارە چی پێویست بوایە ئەیکرد، بۆئەوەی دواتـر پارەیەکی زۆری دەستبکەوێت بۆ ئازادکردنییان، بەڵام ئەوکارانە بەهیچ شێوەیەك کاری نەدەکردە سەر بەرژەوەندییەکانی دەرەوەی ئەم ناوچانە.

هیچ هاوپەیمانیەتییەکی لەگەڵ هیچ سەرکردەیەکی نێودەوڵەتی نەدەبەست و هیچ وڵاتێکیش نەیدەتوانی ئەو تاقیکردنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی 1963، لە مقادیشۆ دووبارە بکاتەوە، کە ناسراوە بە شەڕی قورس، واتە» کەوتنە خوارەوەی هەڵۆی رەش».

لە کارەکانیدا محەمەد عەبدی حەسەن ئەو پیاوانەی بەکاردەهێنا، کە شـارەزای دەریا بوون، ئەو شارەزاییەشیان وەرگرتبوو لە رێگەی ئەو قاچاخەوە کە دەیانکرد لەو چەتانەی کە بارەکانیان دانەگرتووە لە کەنداوی عەدەن یاخود ئەوانە ئەندام بوون لەو راهێنانەی کە وەریانگرتبوو لە دروستکردنی لیژنەی سەلامەتیەکان لە کەنداوەکانی بونتلاند، کە بۆ ماوەیەکی زۆر نەمانەوە. پاشان، دوای دوورکەوتنەوەی بارهەڵگرە نێودەوڵەتییەکان لە کەناراوەکانی دەریای سۆماڵ، ئەوانەش هەوڵدانێك بوو بۆمانەوە لە دەرەوەی ئەو بەلەمە بچوکانەی کە لە سەرەتادا لەلایەن چەتەکانەوە بەکاردەهێنرا، ئەوەش وایکرد بیرۆکەی دروستکردنی کەشتی دایك بێتەکایەوە، لە کۆتاییدا وایکرد چەتەکان لە دوور کار بکەن لە باشوری کەنداوی عومان، هەروەها لە خۆرهەڵاتیش هەتا دەریای لاکادیف، لە باشوریش تا نزیکەی کەناراوەکانی مۆزەمبیق.

کاری کۆتایان ئەوەبوو کە هەموو کارەکانیان بەیەکەوە کۆبکەنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە تواناکانیان تازە دەرکەوت بوو لە کۆمەڵگادا لە بواری رێکەوتنەکانی سۆماڵ، هۆکاری تازەیان بەکاردەهێنا لە گواستنەوەی رەسم و زانیارییەکان بەشێوەیەکی خێراتر و کارکردن بە پارەی کاش، چونکە لە سەرەتادا کارکردن بە پارەی سەرانە کارێکی زۆر ترسناك بوو، تا ئەوکاتەی کە سۆماڵیەکان پارەیەکی زۆریان دەستکەوت، وەك ئەوەی کە لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە بۆیان، دواتر ئەم کارەش تاڕادەیەك ترسی لەسەر نەما.

بنکەی نێودەوڵەتی دەریـایـی کەوتە بـەر هێرشی فڕاندنی کارمەندەکانیان لە نزیك کەناراوەکانی سۆماڵ، لە نێوان ساڵی 2005 بۆ 2011، کە گرانە بزانرێت داوای چەند پارە کرا وەك سەرانە بەرامبەر بە ڕفێندراوەکان. حکومەتی یاخود وەزیری خەزێنەی ئەمەریکی دەیزانی، بەڵام تائێستا هیچ ژمارەیەکی دروست یان باوەڕپێکراو نییە سەبارەت بەو سەرانەیەی کە وەریانگرتووە. بەڵام تەنها ئەوە نەبێت،

چەتەکان لە ساڵی 2011 نزیکەی 140 ملیۆن دۆلاریان دەستکەوتووە. ئەو سەرانانە هەمیشە ئامانجی سەرەکیان بوون.

لە ساڵی 2007، دوای دەستکەوتنی پارەی رفاندنی بارهەڵگرە دانیمارکیەکە «داگیا وایت»، کە نزیکەی ملیۆنیك دۆلار بوو، دەستیانکرد بە بەدەستهێنانی پارەی زۆر، هەروەها ئەوەشیان سەلماند کە هەرزوو فێری کارەکە بوون و دەیانتوانی لە دەریا کاربکەن.

فێری ئەوەبوون کە چۆن جێگەی مانەوە لە کەناراوەکان بقۆزنەوە بۆ داواکردنی پارە و سەرانەیەکی زۆرتر تا ساڵی 2013 بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی کە پارێزگاری تاکەکەسی بۆ کەشتییەکان و هێزەکانی دەریاوانی زیادکرا، ئیتر بووە رێگرێك لە کەمکردنەوەی رفاندنی کەشتییەکان و داگیرکردنیان، چەتە دەریایەکان توانیان نزیکەی 13.5 ملیۆن دۆلاریان وەك سەرانە دەستکەبکەوێت لە کەشتی گواستنەوەی نەوتی یۆنانی «سمیرنی»، کە لە ساڵی 2012 رفێندرا و لە کۆتاییدا ئەوکارانە لە ئاستێکی بەرزدابوون و هەر روودەدات، لە کاتێکدا وادەربکەوێت کە ئەوکارانە دووبارەبوونەوەیان لە داهاتوودایەکی نزیکدا ئاسایی نیە، دەبێت کاری زیاتر بکرێت بەرامبەریان لە لایەکی تریشەوە لیژنەی سەلامەتی بۆ گۆڕینی ئەو ناوچانە و نەریتی چەتەکان دروستبکرێت، بەم هۆکارانە دەتوانرێت یاساکانی دەریا بپارێزرێت ، وەهانەکرێت یاساکان مانای خۆیان لەدەست بدەن و لە جێی خۆیان بەکارنەهێنرێن.

## باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا

ئەتوانین بڵێن لە نەوەکانی سەدەی رابردوودا و هەروەها سەرەتای ئەم سەدەیەش دوو جۆر چەتەی دەریایی لەباشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بڵاوبوونەوە، دەشتوانین بە رێگەیەکی تر بڵێین کە جۆرێکیان هەبوو، هەروەها لە پاڵ ئەوانیشەوە جۆرێکی تریش سەریهەڵدابوو، کاریان بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی دیاریکراوی کەشتییەکان دەکرد.

ئەمە ڕێگەیەکی کۆنە لە دەریاوانییدا، تائێستاش بەکاردەهێندرێت، کە ژمارەیەك کەسن هەڵدەستن بە گۆڕینی ڕێڕەوی کەشتییەکە بۆ کەناری ئەو دەریایەی کە بۆی دەچن و دواتر بارەکەشی دەدزن.

ئەو چەتانەی ئەمجۆرە کارانە دەکەن، ئامانجە سەرەتاییەکانی خۆیان دەزانن و هەروەها کەسانێکی بیانی نین لە ناوچەکانی ئاسیا، ئەم چەتە دەرياييانە هەمیشە لە نزیك کەناراوەکانی چین و یابان و کۆریا بوون و بۆ نزیکەی هەزاران ساڵ دەبێت لەوێ نیشتەجێن.

بڵاوبوونەوەی کۆتایان لە نزیك کەناراوەکانی باشوری چین، لە نیوان ساڵەکانی 1790 بۆ 1810، هەرچەند ئاستێکی زۆر بەرزی نەبوو تاساڵی 1941، بە نموونە مێژووی دروستبوونی چەتەی دەریایی لە باشوری رۆژهەلاتی ئاسیا، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی میلادی، کە بەشێوەیەکی کەم و لە چەند ناوچەیەکی کەمدا بوونیان هەبوو و لە هەموو ناوچەکانی فلپین و بورنیو، لە سەدەی نۆزەهەم و لەوکاتەی کە چەتە دەرياييەکان دوورگەی سورويان لە فلپین لە سەنگافورا بەجێهێشت بەرەو رۆژئاوا، ئەم چەتە دەرياييانە بەردەوام بوون لە کارەکانی خۆیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی یابان، لە نێوان ساڵەکانی 1941 بۆ 1945، دوای ئەوەش بەردەوام بوون، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر تەنها لە ناوچە کەناراوەکاندا بوونیان هەبوو هەتا ئێستاش بەردەوامە، لە راستیدا ئەم چەتە دەرياييانە تائێستا بەردەوامن لەگەڵ زیادکردنی بنەماڵەکان، ئەمەش لە چەند رووداوێکدا دەرکەوتووە کە لە سەرەتای ساڵی 2011 دا بینراوە. یەکێك لەوکارە ناخۆشانەی روویدا، ناسراوە بە بەلەمی پەنابەران. ڤێتنامیەکان هەڵهاتن لە وڵاتی شوعییەکان، کە لە ساڵی 1975 تازە دروستکرابوون .

ئەوەی لەم رووداوەدا گرنگ بوو، ئاڕاستەی پەنابەرەکان بوون. یەکێك لە وانە لە باکور لە رێگەی کەنداوی تونکین بەرەو هۆنکۆغ دەڕۆیشت، ئەمە ناخۆشییەکە نەبوو، دووەمیان روویدا لەباشور کە

ئاڕاستەکەی بەرەو تایلاندو مالیزیا دەڕۆیـی، لێرەدا ناخۆشییەکان روویدا لە لایەن راوچیەکانەوە لەسەرەتادا زۆر گرانە، کە بتواندرێت بەڵگەیەك بدۆزرێتەوە کە ئەو گومانانەی ئەوکاتە بەدرۆبخاتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی دەوڵەتەکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بوون کە خۆیان ئەو کارانەیان دروستدەکرد، بۆئەوەی کۆچی کۆچبەران بوەستێنن بی ئەوەی خۆیان هیچ بکەن بەرامبەریان، ئەم کورت بینییە بڵاوبوەوە بەسەر هەموو چەتە دەریاییەکانی ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی  زۆر فراوان و بەشێوەیەك کە لە کارولین لیس رووداوی چەتە دەریاییەکان زیادی دەکرد، بە تایبەتی لە کاری راوکردنی ماسی، بەشێوەیەك کە کارە ترسناکەکەی دەرکەوت لەو ژمارە زۆرەی راودەکرا لە نەوەدەکانی سەدەی رابـردوو، لە کاتێکدا ئەو راوچییانە تەنها دەیانویست بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن لەو هەموو ماسییانە کە راو و پاشەکەوتییان دەرکرد، ئەمەش وایکرد کە رووبەڕوی یەکتربببنەوە لەو کارانەدا، هەروەها رێگای خۆشکرد بۆ ئەو مافییایانەی کە ئەو کەسانە بەکرێ بگرن و بەکاریان بهێنن بۆ فڕاندنی ئەو کەشتییانەی کە کاری بازرگانیان پێوەدەکرا.

حکومەت لەو کاتەدا چەندین رووداوی چەتە دەریاییەکانی پیشتگوێ خستبوو لەوانە دزینی ئەو کەشتیانەی کە لە کەنارەوەکاندا چاوەڕێیان دەکرد، هەروەها زۆربەی ئەو رووداوانـەی روویـدەدا، سکاڵایان لەسەر تۆمار نەدەکردن، لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانزانی کە پۆلیس هیچ شتیکییان بەرامبەر ناکات، بەڵکو ئـەوان خۆیان پەیوەندییان بەو چەتانەوە هەیەو دەیانپارێزن.

چەتە دەریاییەکان تا دەهات ترسناکتر دەبوون لە ئاستی کەمەوە بەرەو ئاستێکی بەرز دەچوون، کە بەردەوام دەبوون وەهایان لێهاتبوو، پەلاماری ئەو کەشتیانەیاندەدا کە بە هێواشی دەڕۆیشتن هەرچەندە، کە قەرەی کەشتیەکەش چەند گەورە بوایە، چی پارە و ئاڵتون و شتە

بەرنرخەکانی کە تێیدابوو، دەیان دزی و دواتر لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا دەیان فرۆشتەوە.

لە باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، تۆڕێکی مافیای چینی دەرکەوتن کە خۆیان لە بنەڕەتدا لە چەندین وڵاتی تر کاریان کردبوو، وەك هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە و مانێلا، یەکەم تاوان کە ئەم مافیایانە لە دەریادا کردیان ئەو زنجیرە تاوانانە بوو کە ناودەبران بە کەشتی خەیاڵی و لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و سەرەتایی هەشتاکان، ئەم کارانە وایکرد کە پارە زیاتر لەناو بچێت لە دوای بڵاوبوونەوە و ونبوونی کەشتیەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو، داواکردن لە کۆمپانیای دڵنیایی بۆ قەرەبوو کردنەوەیان.

بە هیچ شێوەیەك لایەنی بەرپرس دوای ئەو رووداوانە نەدەکەوتن چەند کارێکی کەم نەبیت، کە ئەوکەسانە بە شێوەیەکی تاکە کەسی کاریان دەکردو دەیانگرتن، بە داوای لێبوردنەوە ئەو کارانە کارێکی زۆر ناخۆش بوو لەبەر ئەوەی بیرو ڕایەك هەیە کە دەڵێن ژمارەیەك لە لێپرساوان خۆیان لەدیوی پشتەوەی هەڵکوتانە سەر کەشتییەکە بوون لەو کاتەی کە کەشتیەکە ڕفێندرا و هەموو بارەکەی فرۆشرا.

لە چین، فلیپین و هەندیکجار کەشتیەکان بەناوی تازەو زانیاری تازەوە و بە هەڵگری تازەوە دەنێردران، بەڵام هەر بە هەمانشێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردن، لە کاتیکدا وڵاتانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بێجگە لە وڵاتی سەنگافورە هەستیانکردووە کە کاری لە پێشینەی گرنگتریان هەیە لە رووبەڕوبوونەوەی ئەو چەتە دەریاییانە، وڵاتەکانی دەرەوەی ئەو ناوچانە کەمتر بیریان لەوکارانە دەکردەوە.

یابان بە تەواوەتی پشتی بەستبوو بە گواستنەوەی نەوتییەکان لە رێگەی هـەردوو دوورگـەی مەلقاو سەنگافورە، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە رێگەی وزەوە، هەروەها یارمەتیدەرێك بوو بۆ دابینکردنی ئەمنییەت لەو ناوچانە.

یابان کاری دەکرد لەگەڵ سێ وڵاتە کەناراویەکاندا، لەگەڵ ئەندۆنیزیا و مالیزیا و سەنگافورە بۆ یارمەتیدانیان لەو دوو دوورگەیە، بەڵام یارمەتیدانی ئەو وڵاتانە هەوڵدان بۆ زیادکردنی ئەمنیەت لەو ناوچانە شکستێکی گەورەیان بەدەستهێنا، بەهۆی دەستپیکردنی شـەڕەوە، چین ئەو وڵاتەی کە هەموو بەرهەمە دزراوەکـان رووی تێدەکرد و هیچ گوێی بەوکارانە نەدەدا کە ئەوەش نایاساییە، لە کاتیکدا دەوڵەتە گەورەکان رێوشوینی یاساییان بەرامبەر ئەوکارانە دەگرتەبەر لەوانە بەریتانیای گەورە پیش وازهێنانی لە هۆنگ کۆنگ لە ساڵی 1997 و رێکخراوی دەریایی نیودەوڵەتی.

گەندەڵی لە ناوچەکانی باشوری ئاسیا زۆر بە روونی دیاربوو لە ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی چەتە دەرياییەکان بۆ تەنها کارێك نەبوو، بەڵکو بەکۆمەڵ دەکـرا کە ئەمەش هەڕەشەی دەکـرد لە دەسەڵاتی پارتە شوعییەکان. لە کاتیکدا تا دەهات ئەو هەڕەشانە زۆر ڕووندەبووەوە، پەکین رێوشوینێکی بنەڕەتی گرتەبەر بۆداخستنی بازاڕی شتومەکەکانی چەتەکان، لە ساڵی 1998.

هێرشەکان لە ئەیلولی 2001 بۆ نیویۆرك و واشنتۆن زیاتر بوو، ئەوەش ئەمنییەتی و سەلامەتی هەموو جیهانی خستە مەترسییەوە، هۆکارێك بوو بۆ گەڕاندنەوەی تیرۆرستان و گەڕاندنەوەی ترس بۆ کۆمەڵگا، کە سیاسەت کەوتە مەترسییەوە لەهەموو جیهاندا، یەکێکیش لەوانە دەریاوانییە، لەوکاتەدا ویلایەتە یەکگرتوەکان پەیمانیدا بە دەستپیکردنی کار لە دژییان، لە کاتێکدا خۆی لە سەرەتای دەستبەکارکردنی بوو لە بواری سەربازی لە ئەفغانستان بۆ دەرکردنی گرووپی تیرۆرستی قاعیدە، بەهۆی ئەوەی کە ئەو گرووپە یارمەتی و هاوکاری لە کەناراوەکانی رۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دوورگەکانی ئەو ناوچەیەوە پێدەگەیشت، ئەوەش وایکرد کە نزیکتر بێت بۆ هێرشی تیرۆرستان لەو ناوچەیە، لەوکاتەدا سەرچاوەی تەواوی

پێنەبوو بۆ پارێزگاری کردنی ئەو دەرچانەی کە تایبەت بوون بە خۆی، لەبەر ئەوە داوای یارمەتی لە هند کرد کە هەردووکیان بەرژەوەندی گەورەیان هەبوو لەو کارەدا.

بەڵام سێ دەوڵەتە کەناراویەکە ئامادە نەبوون یارمەتی بدەن، بۆیە لە ساڵی 2005 دا پلانی تایبەتی بەخۆی راگەیاند، ئەویش گۆڕینەوەی ئەمنیەتی دەریاوانی ناوچەگەریی بوو بە بڵاوکردنەوەی کەشتییە شەڕکەرە ئەمەریکییەکانی خۆی بە ناوی مارینز لەناو دەریادا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. راگەیەندراوی سێ دەوڵەتە چالاکەکە زۆر درەنگ کەوت و نزیکبوو لە راگەیاندنی کۆمپانیای لویدز لە لەندەن، کە زۆربەی دوورگەکان دەبنەمایەی گۆڕەپانی ترس و دڵەڕاوکێ و هۆکارێکی ترسناك دەبن بۆ دەستپێکردنی جەنگ، ئەوەش تەنیا بەهۆی ئەو ترسانەوەبوو کە دەیانوت: کاری تیرۆرستی لە ئەندۆنیزیا دەستپێدەکات.

## نێجیریا

هێریشکردنەسەر کەشتیەکانی نزیك کەناراوەکانی نێجیریا، لە حەفتاکانی سەدەی بیست، هۆکارێك بوو بۆ ئاگادار کردنەوەی وڵاتانی نێودەوڵەتی بۆیەکەمجار، کە کێشەی چەتەکانی دەریا جارێ هەرماوە و بوونی هەیە. نێجیریا بە گەورەترین وڵات دادەنرێت لە ئەفەریقیا لەڕووی ژمارەی دانیشتوان. هەروەها وڵاتێکی دەڵەمەندبوو بەهۆی نەوتەوە کە حکومەت بە تەواوی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، بەڵام خەڵکە ئاساییەکەی نێجیریا سودیان لە داهاتی نەوتەکە وەرنەدەگرت. لەگەڵ ئەوەی کە داهاتی تاکە کەسی، دوو ئەوەندەی داهاتی تاکە کەسێکە لە سۆماڵ، لە بەر ئەوە لە پلە دوو دادەنرێت، لە دەوڵەمەنترێت وڵاتەکانی ئەفەریقیا.

چەندین کێڵگەی نەوتی هەیە لە ناوچەی دەڵتای نێجیریا و دەریاکانی تر، کە هۆکاربوو بۆ دەرکەوتنی شەڕی ناوخۆی لە ساڵی

-1967 1970، کە باکوری نێجیریا حەزی دەکرد سەربەخۆی بدات بە ناوچەکانی رۆژهەڵات و ببێت بە هەرێمێکی سەربەخۆ بە ناوی کۆماری بیاڤرا. بەڵام سەرکەوتنەکانی باکور زۆرگەورەبوو، وایکرد حکومەت بەتەواوی دەستبگرێت بەسەر داهاتی نەوتدا و لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیش لە سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، حکومەت ئەوپارانەی لە دروستکردنی چەند پرۆژەیەکی گەورە خەرجکرد، کە بە رێژەیەك گەورەبوون و چیمەنتۆی بەرهەمهاتووی ئەو وڵاتە بەشی نەدەکرد. هەروەها بەندەری لاغوس نەیدەتوانی فریای ئەو هەموو کەشتییە بکەوێت، کە چیمەنتۆیان دەهێنا، بۆیە ناچاردەبوون بۆ چەند مانگێك لە دەریادا چاوەڕێ بکەن، ئەمەش هۆکاربوو بۆ هێرشکردنە سەر ئەو کەشتییانە کە ناسراوبوون بە دەستبەسەراگرتنی چیمەنتۆ، لە ماوەیەکی زۆرکورتا چەکدارێکی زۆر پەیدابوون لە نێوان 20 بۆ 30 کەس دەبوون، کە ئەمانە بەلەمی بچوکییان بەکاردەهێنا و بە سەوڵ لێدان دەڕۆیشت، دواتر بوون بە گروپێکی گەورەتر لە نێوان 50 بۆ 60 کەس و بەلەمی گەورەترییان بەکاردەهێنا، کە بە مەکینە کاری دەکرد. ئامادە بوون بۆ بەکارهێنانی هەموو جۆرە توندوتیژیەك بەبێ هیچ رێسایەك. بەڵام حکومەتی نێجیریا هیچ شتێکی نەدەکرد سەبارەت بەم کارانە تا کوژرانی کاپتنی کەشتی دانیمارکی لینینگیا ئایفوری لە ساڵی 1979. کە هەرچەند وتیان ئەمانە هەڵسوکەوتی یەکجارین بۆ لە ناوبردن و بینبڕکردنی ئەو کێشەیە، بەڵام لە راستیدا بەم کێشەیە کۆیایی نەهات، بە هۆی ئەو رێوشوێنە رەسمیانەوە نەبوو کە دەیانوت، بەڵکو بە هۆی دابەزاندنی نرخی نەوت بوو، هەروەها رۆیشتنی ئەو کەشتییانە لەو ناوچانە لە دوای ئەو دابەزینی نرخانەیە.

چەتە دەریاکانی نێجیریا بەشێوەیەکی گشتی بۆ ماوەیەك تا ناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکانی سەدەی بیست بە ئارامی مانەوە، دواترا لە سێ شێوە دەرکەوتنەوە بە چەند کێشەیەکی جیاوازەوە لە دەڵتای

نێجیریا، کە ئەمەش هۆکاری ناکۆکی بنەماڵەکانی ئەو ناوچەنا بوو، سـەرەڕای هەندێك گۆڕانکاری لە بودجەی ناوخۆی لەسەر ئاستی فیدراڵی و دەوڵەتی. کۆمپانیاکانی نەوت رێککەوتبوون لەگەڵ سیاسەتمەدارە چاوبرسییەکانی نێجیریا بۆدەستکەوتنی ملیاران دۆلار لە نەوت بۆخۆیان لەسەر حسابی بەندەرە سروشتییەکانی ناوخۆ و رێگە بۆ ژیانێکی ئاسایی.

جۆری یەکەمی چەتەکان کاری دزین و تاوانیان دەکرد لە دوور، کە بە تاوانی ئاسان لەناودەبران. ئەو چەتانە کارییان دەکرد لە کەنداوەکانی ئاوەکانی نێجیریا، ژمارەیەکی وابوون کە بەس بوون بۆ نانەوەی کێشەی گەورە بۆ مافەکانی راوچییەکانی ماسی لەو وڵاتە، کە خۆیان بە ئارەزوو هێرشیان دەکردە سەر بەلەمەکانی ناوچەی دەڵتای نێجیریا تا کەناراوەکانی لاغوس. ساڵی 2008، رێکخراوی راوچییەکان مانگرتنیان راگەیاند کە 100 بەلەم وەستێندران لە دەریاکاندا بە هۆی کەم تەرخەمی حکومەتەوە.

جۆری دووەم لە چەتەکان هێرشیان دەکردە سەر کارگەکانی دروستکردنی نەوت لەناو دەریـا، هێرشەکان گروپێك دەیکرد بە ناوی بزوتنەوەی رزگارکردنی دەڵتای نێجیریا، ئەمەش ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە حکومەت بە ئارەزوو ئەم لایەنەی پشتگوێخستبوو، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم هێرشانە وەك تاوان وابوون، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندی ئابوری کە دەلتای نێجیریا هەیبوو، ئەوجۆرە هێرشانە لە لایەن کەسانی ئەو ناوچانە پشتیوانی دەکرا.

جۆری سێیەم لەو چەتانە هەڵدەستان بە دزینی ئەو بارهەڵگرە نەوتیانە و دووبـارە فرۆشتنەوەی بـارە نەوتییەکەیان لە بـازاڕە ناوخۆیەکانی نەوت. ئەو دزینانە درێژەیان کێشا بەناوی پێدانی نایاسایی نەوت بە کەشتیەکان و ناوبانگی دەرکرد، راستەوخۆ دەستکرا بە دزینی نەوتی خاو لە بۆڕییە نەوتەکانی وشکانییش. بە جۆرێك

رۆژانە نێجیریا 140 بەرمیل نەوت لە دەست دەدات. چەند بیروڕایەك هەبووە کە دەوترا ڕێژەی دزینی ئەو نەوتە ڕۆژانە لە دەلتای نێجیریا زیاترە لە ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئەو نەوتەی کە لە چەند وڵاتێکی تر لە ئەفەریقیا بەرهەمدەهێنرا. ئەوکارانە ئەکرا ڕووینەدایەتەوە ئەگەر سیاسییەکانی نێجیریا، هـەروەهـا لێپرسراوانی کۆمپانیا نەوتییە ناوخۆییەکان و دامەزراوە سەربازییەکان لەو وڵاتە هەوڵی کەمکردنەوەی ئەوکارانەیان بدایە.

## هۆکاری یارمەتیدەر بۆ هەبوونی چەتەکانی دەریا

حەوت هۆکار هەن بۆ مانەوەی چەتەکانی دەریا، ئەوانیش:

1) هەلێکبوو بۆ بەدەستهینانی دەستکەوتێکی ماددی سەرەڕای هەموو مەترسییەکان. چەتەی دەریا هێرش ناکات، ئەگەر پێشبینی نەکەن کە لە ژیاندا دەمێننەوە و بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی ماددی زۆریان دەستنەکەوێت، کە یەکسان بێت لەگەڵ ئەگەری مانەوە لە ژیان و دەستکەوتنی ماددی لەسەر وشکانی.

2) نەبوونی پاریزگارییەکی ئەوتۆ، دەتوانین بڵێین ئەوە بەهێزترین هۆکارە کە چەتەکانی دەریا لەبەرچاوی دەگرن لە کاتی پێشبینیکردنی مەترسییەکان.

3) سیاسەتە ئاسان بۆکراوەکان بەهۆی کەموکورتی لایەنی ئەمنی و پێدانی دیاری ماددی و گەندەڵی وایکردووە کە ئەم سیاسەتانە کارێکی وا کاریگەریان نەبێت.

4) جوگرافیای باش، چەتە دەریاییەکان لەو کەناراوانە بڵاودەبنەوە کە ئەمنیەتیان پارێزراوەو چەندین ئامانجی بەنرخیان هەیە لەوێ، زۆر بەکەمی ئەم چەتە دەریاییانە دەگەنە ئەو بەنداوانەی کە یاسایین، لەگەڵ ئەوەیش بەرهەمە دزراوەکانیان لە چین، فلیپین، هند دەفـرۆشرن، چەتەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو نێجیریا پێویستیان بەخۆشاردنەوە هەیە، بەڵام چەتەکانی سۆماڵ پێویستیان

بەخۆشاردنەوە نییە، لەبەرئەوەی یاسای ناوخۆیی کارێکی وای پێناکرێت و کار لەکەس ناکات، بۆیە ئەمە وادەکـات لە هەموو بەنداوەکان کاربکەن بە شێوەیەکی گشتی.

5) پیشیلکارییەکانی یاسایی و دادگـایـی، تاقیکردنەوەکان دەریانخستووە کە دوو پیشێلکاری هەیە، یەکەمیان لە باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بە شێوەیەکی هەڵە خاڵە سنوریەکانی دەریا دیاریکراو و کەموکورتی تیدَا هەیە، هەروەها هەستی نەتەوەیی کە سەرکردەکانیان پێکەوە کاردەکەن و یارمەتی یەکتر دەدەن، بەڵام چەتەکان توانییان لە دەوڵەتێکەوە بڕۆن بۆ دەوڵەتێکی تر، پێشیلکاری دووەمیشیان زۆر روونترە، کاتیك سۆماڵیەکان لەوناوچانەی کە دەوڵەتن و دەوڵەتیش نین دوودڵ بوون لەسەرگرتنی ئەو چەتانە و دادگایی کردنیان لەسەر ئەو کێشانە کە پەیوەندییان بە یاسا ناوخۆییەکانەوە هەبوو، یاخود بەهۆی ئەوەی ناردنەوەی ئەو چەتانە بۆ وڵاتەکەی خۆیان تێچونێکی زۆری دەوێت.

6) ناخۆشییەکان و رووبەڕوبوونەوەکان، ئەم هۆکارە یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکان بۆ دروستبوونی چەتەکانی نزیك کەناراوەکانی سۆماڵ و نێجیریا، بەڵام رۆڵی چەتەکان لە دوورگەکان کەمتر بوو، سەرەڕای ئەوەش رووبەڕوبوونەوەکانی ئاتشیە لە ئەندۆنیزیا، هەندێك کاری چەتەکانی ئاسانکرد.

7) نەریتی دەریا، پەسەندکراو لەڕووی رۆشنبیرییەوە، ئەوە هەڵە دەبێت کە ئەم دوانە بەیەکەوە ببەستین بەهۆی ئەوەی هەریەکێکیان بێ ئەوەی تریش دەبێت. نەریتی دەریاوانی زۆر بەهێزە و لە هەموو ناوچەکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیادا هەیە، کە هەمیشە باوەشی کردۆتەوە بۆ کاری توندوتیژی و تاوان و هێرشکردنەسەر «کۆچبەرانی بەلەمەکان» ڤێتنامیەکان نموونەیەکی زۆرتیراژیدیایە، بەرامبەر ئەوەش ماوەیەکی زۆرە کە نەریتەکانی دەریا وەکو خۆی نەماوە لە نێجیریاو

سۆماڵ، بەڵام کەوتنی حکومەت و سزا کۆمەڵایەتییەکان مانای ئەوە دەگەیەنیت کە لەهەردوو کارەکەدا چەتەکان پشتیوانی تەواویان دۆزیوەتەوە بۆ کارەکانیان.

ئەم حەوت هۆکارە بەیەکەوە کار لە یەك دەکەن، لە وانەیە یەکێکیان کەمتر دەربکەوێت، بەڵام زۆربەی کات هەموویان بەیەکەوە هەن. ئەو هۆکارانە لەوەدەچێت هەندێکجار پاش و پێش بکەون بەو ریزبەندییە نەمێنێت لە کاتی تێکڵاوکردنیاندا، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش هەردەمێنن. لە ئەنجامدا دوای بیرکردنەوە لێی، هەبوونی ئەمانە یاخوود نەبوونیان، یاسایی دەریایی و ئەمنیەتی نێودەوڵەتی پێویستەو داواکراوە لە کەنداوی عەدەن و دەریای عەرەبی، دەبێت دان بەو راستیەدابنرێت کە دەتوانرێت پەند وەربگیردرێت لەوەی پێشوتر روویداوە لەناوچەکانی تر، دەبێت بگونجێندرێت لەگەڵ سەردەمی ئێستای تایبەت بە ئەفەریقیا.

## سێ چەتە دەریایەکە، سێ وەڵامەکە

وا دادەنرێت کە کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ یاساکانی دەریاوانی «UNCLOS» لە ساڵی 1982 ئەو رێکەوتنەی کە سزای رێگرییکردن لە چەتە دەریایەکان لە دەریاکانی سەرەوە لەخۆدەگرێت، کە تا ئێستاش بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت، وا سەیردەکرێت و پەسەندەکرێت وەك یاسایەکی نێودەوڵەتی بێت، سەرەڕای هەموو یاسا نێودەڵەتییەکانی تر، زۆربەی وڵاتانی نێودەوڵەتی وەك یاسایەکی گرنگ کاری پێدەکەن، سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا پەسەندیش نەکراوە، بێگومان لە بنەڕەتدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشی لەگەڵدایە.

بە پێی مادەی 100، ئەرکی دەوڵەتەکانە بەیەکەوە کاربکەن و یارمەتی یەکتری بدەن تائاستێکی زۆر بەرز بۆ لەناوبردن و کەمکردنەوەی چەتە دەریاییەکان. دەوڵەتەکان دەتوانن سود

لەو ڕێکەوتنانە وەربگرن بۆ لە ناوبردنی کارە نایاساییەکانی بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەوشتانەی دەبنە ڕێگر لە سەلامەتی دەریاوانی لە ساڵی 1992، کە وڵاتەکان ناچاریکردن ڕێگری بکەن لەوکارانەی هەڕەشەن بۆسەر سەلامەتی دەریاوانی.

سەبارەت بە دوورگەکانیش، وڵاتانی کەناراواکان خۆیان دەسەڵاتیان هەیە بەپێی ماددەی 43ی ڕێکەوتنەکەی کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ یاساکانی دەریاوانی «یارمەتیدان لە بواری دروستکردن و نۆژەنکردنەوە لەبواری دەریاوانی یاخود دابینکردنی هەر سەلامەتییەکی گرنگ یان چاکسازییەکی تر لە بواری یارمەتیدانی دەریاوانی نێودەوڵەتی سەبارەت بە گەروەکان»، وا باس دەکرێت کە ماددەی 43 بۆئەوە دانراوە یارمەتیدەربێت بۆ زیادکردنی هاریکاری لە بواری سەلامەتی و ئەمنیەتی دەریاوانی هەردوو گەرووی ملقاو سەنگافورە، کە دەکرێت ئەمە بەهۆی هەوڵەکانی یابان بووبێت. بە بەشداری کۆریای باشور، تایوان، چین و بەم دوابیە یابان ترسەکانی خۆی دەرخست.

## باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا

سەرەتای هەوڵەکان بۆ چاککردنی هاریکاریەکانی لە بواری سەلامەتی و ئەمنی لە هەردوو دەریاوانەکانی گەروی ملقا و سەنگافورە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست. بەڵام پێکەوە هاوکاری کردن تا ئێستاش گرانە، لە بەر ئەوەی بەرژەوەندی دەوڵەتانی کەنداو وەکیەك نییە و یەکناگرێتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر  مالیزیا و ئەندۆنیزیا سەری ئەمنیەت و سەلامەتی گەرووەکان بە هۆکاری ئەوەی بەرژەوەندییەکی زیندووە و بە بەراورد بە گەشەسەندنی ئابوری، دروستکردنی یەکەیەکی یەکگرتوو، وەرگرتنی ناسنامەیەکی سەلامەت لەدوای کەوتنی دیکتاتۆر. کاتیك کارەکان پەیوەندییان دەبێت بە

دەریاوانییەوە، بەرژەوەندیەکانیان پەیوەندی دەبێت بە بارودۆخی کەناراوەکان، ئەوەش چەند بەرژەندییەکە کە زۆر درێژناخایانێت و دەریاوانی سەنگافورە واسەیری دەکرێت، کە ئابوریەکەی پشت دەبەستێت بەدەریاوانییەکی نێودەوڵەتی ئازاد و سەلامەتەوە.

وەك چۆن بە روونی دیارە، بە هۆی ئەو پاڵەپەستۆ دەرەکییانەوە بە تایبەتی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە کە داوایان دەکرد بۆ گۆڕینی هەڵوێستیان، بەپێی کۆمپانیای لویدز لە لەندەن وایدادەنێن کە بەشێکی گەرووی ملقا بە ناوچەی جەنگی ناودەبرێت. گەیشتنی دوو سیاسەتی جیاواز بۆ دەسەڵات لە هەردوو وڵاتی ئەندۆنیزیا و مالیزیا لە ساڵی 2004، بارودۆخەکەی نەرمترکردەوە بە تایبەتی روانینەکانیان بۆدەرەوە.

لە ئەنجامدا دوو کار هاتە کایەوە، کاری یەکەم واژۆکردنی «رێکەوتنی هاریکاری لە نێوان هەرێمەکان سەبارەت بە شەڕکردن لە دژی چەتە دەریاییەکان، ئەوانەی دەستبەسەر کەشتیەکانی ئاسیا دادەگرن بە هێزی چەك» ساڵی 2004، کە سەرەتای دەستپێکردنی کارێکی راستەقینەبوو بە سەرپەرشتیاری «بزوتنەوەی دایکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا» ساڵی 2002، ئەو رێکەوتنە پشتی بەستووە بەسێ هۆکار 1. گواستنەوەی زانیاری، 2. بنیاتنانی هێزو توانا، 3. رێکخستنەوەی هاوکارییەکان. دواترا کردنەوەی ناوەندی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە سەنگافورە کە ساڵی 2006 کرایەوە.

کاری دووەم دروستکردنی بەرنامەیەك بۆ دەرچونە دەریاوانییەکان لە شێوەی دەورییەی ئاسایشی بۆ پاسەوانی دەریاکان بەشێوەیەکی رێکوپێك کە ئەو دەرچونانە ناونران و ناسراون بە دەورییەی مالسیندو، کە کۆکراوەی ناوەکانی مالیزیا و سەنگافورە و ئەندۆنیزیایە لە ساڵی 2004، ئەو دەرچونانە درێژەیان کێشا تا دوای ماوەیەکی کورت گۆڕا بە دەرچوونی ئاسمانی، کە بەیەکەوە هەرێمەکان ئاگاداری سەلامەتی گەرووی ملقا بوون.

رێکخستنی ئەو«رێکەوتنی هاریکاری لە نێوان هەرێمەکان

سەبارەت بە شەڕکردن لە دژی چەتە دەریایەکان، ئەوانەی دەستبەسەر کەشتییەکانی ئاسیا دەگرن بە هێزی چەك» بێگومان کاریگەرییەکی چالاکی هەبوو، لە کۆتاییدا مەرکەزی ڕێکخستنی زانیارییەکان لە نێوان وڵاتەکانی هاوبەش لەو هاوپەیمانییە دروستکرا. کە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی گشت وەڵامەکان بۆڕێکخستنەوەی چەتە دەریایەکان لە سنوری دەسەڵاتی دادگایی ئەو دەوڵەتانە. هەروەها بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەوەی زانیاریەکان لە ئاستێکی نەتەوایەتی، دابینکردنی چاودێری نەتەوەیی و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە ناوەندی ئاڵوگۆڕی زانیاری. هیچ ناکۆکیەك لە دەرچونەکانی مالسیندو رووینەدا، سەرەڕای ئەو هەموو هەواڵانەی لە راگەیاندراوەکاندا بڵاودەکرایەوە لەسەریان، لە ساڵی 1992 وە ڕێکخستنەوەی دەرچونە دەریایەکان دەستی پێکردبوو. بەڵام هەرلەسەرەتاوە ئەو جۆرە دەرچونانە کێشەی بۆ دروست کرا بەهۆی چەند هۆکارێك پەیوەندی هەبوو بە لێپرسراوانی نەتەوەکەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ڕێگەنەدرا کەشتیەکانی وڵات، دوای کەشتی چەتەکان بکەوێت کە لە ناو ئاوی هەرێمەکان بۆ ناو ئاوی ناوچەیەکی تر دەڕۆیشتن، کە بە ئۆفیسی دەریاوانی نێودەوڵەتی ناسراوبوو و هەندێك لایەن بە گاڵتەجاڕ ناویان دەبەن.

زۆرگرانە کە بگەینە ئەنجامێکی راستەقینە دەربارەی ئەو ساڵانەی، کە چەتەکان بەرەو کەمی رۆیشتین، بەڵام بە تەواوی لەناو نەچوون، بە تایبەتی چەتەکانی هەردوو گەرووەکە. بەڵام ئەوە روونە ئەو کەمبوونەوەیە بە هۆی کۆتاییهاتنی رووداوەکانی رفاندنە سەرەکییەکان و هەروەها رووداوەکانی بڕینی کەشتییە خەیاڵییەکان، لە دوای ئەوە حکومەتی ناوەندی چین چەند ئۆپەراسیۆنێکی دەستپێکرد بۆ لەناوبردن و بەرەنگابوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمەکانی باشور، کە ئەوەش بووە هۆکارێك وایکرد بە رەسمی بازاڕێکی گەورە بۆ فرۆشتنی شتومەکە دزراوەکانی چەتەکان دابخات.

یەکێکی تر لەو هۆکارانە شەپۆلەکانی تیسۆنامی بـوو، کە کەناراوەکانی ناوچەکانی ئاتیشەی لەناوبرد لە ساڵی 2004. هۆکاربوو بۆ دوورخستنەوەی یاسای چەتەکان، بەڵام ئەوەی کە زۆرگرنگ بوو ئەوە بوو، هەردوو بزوتنەوەی ئاتیشیای ئازاد و بزوتنەوەی جیاکراوە لە هەرێمی ئاتشیە یەکیان گرتەوە و حکومەتی ئەندۆنیزیاش لەسەر مێزی گفتوگۆکان بوون بۆ کۆتایی هێنان بە رووبەڕووبوونەوەی ناخۆشیەکانی 28 ساڵەی نێوانیان.

«رێکەوتنی هاریکاری لە نێوان هەرێمەکان سەبارەت بە شەڕکردن لە دژی چەتە دەریایەکان، ئەوانەی دەست بەسەر کەشتییەکانی ئاسیا دادەگرن بە هێزی چەك» ئەو رێککەوتنە پەرەیدا بە فراوانکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوە بۆ رزگارکردنی یاساکان.

ئەو سەرکەوتنانە کە تائێستاش دەبینرێت، هەمووی بەهۆی دەستبەکاربوونی لێپرسراوانی ناوخۆیی و بەوەفا بۆ کارەکەیان. دەرچوونەکانی مالسیندوش بە بەردەوامی لەناو دەریاکان یارمەتی دەربــوو بۆ هــاوکـاری کردنی نێوان حکومەتەکان، چاککردنی هاریکارییەکانی دەریاوانی بەشێوەیەکی بەرچاو و روون. کاریگەری گـەورە کە دەتوانرێت بە دڵنیاییەوە باسی لێوەبکرێت، رۆڵ و سەرکەوتنە بەرچاوەکانی ئەو دەرچوونە ئاسیشانە بوون بە تەنیا سەرای ئەو هەموو ناخۆشیەش کە دەهاتە بەردەمیان.

## سۆماڵ

هەنگاوی کاریگەر نەنرا بۆ رێگریکردن لە هێرشی چەتەکانی دەریا لە کەناراوەکانی سۆماڵ تا ئەوکاتەی چەتەکان بە چەکی (ئارپیجی) هێرشیان کردەسەر کەشتییەکی گەشتیاری بە ناوی (سیبورن سبیریت) کە گەشتیاری ئەمەریکی هەڵگرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کەشتیەکە توانی خۆی رزگاربکات، ئەم رووداوە هەلێك بوو بۆ (دەستەی دەریای

جیهانی) و نەتەوە یەگرتووەکان تاوەکو بابەتی (هێرشی چەتەکان) لەناو دانیشتنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان باسبکەن. هەرچەند نەتەوە یەگرتووەکان هیچ بڕیارێکی جدی نەدا، بەڵام ئەوە بووە جێگەی دوودڵی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکا. لە هەمانکاتیشدا ئەمەریکا بە یاوەری چەند هاوپەیمانێکی توانیان گروپێك پێکبهێنن بە ناوی (CTF 151)، لەژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەگرتووەکان بۆ چاودێری کردنی جموجۆڵی چەتەکانی دەریا و رێگریکردن لە هەرهێرشێك لە کەنداوی عەدەن و دەریای عەرەب.

پاشان لەساڵی 2008دا، نەتەوە یەگرتووەکان کەوتە نێوکێشەیەکی ترەوە لە دوای ئەوەی کەشتیەکی گەشتیاری فەرەنسی دەستی بەسەردا گیرا بە ناوی (پۆنانت). لە کاردانەوەش بۆ ئەو رووداوە، هێزێکی تایبەتی فەرەنسی بەرەو سۆماڵ نێردرا بۆ دەستگیرکردنی چەتەکان، ئەم رووداوەش بووە رێخۆشکەرێکیتر تاوەکو دووبارە بابەتی چەتەکانی دەریا لە نەتەوە یەگرتووەکان تاوتوێبکرێتەوە و بە کۆی دەنگ بڕیاری ژمارە 1816 جێبەجێکرا بۆ بەرەنگاربونەوەی هێرشی چەتەکان و هەروەها رێگەدرا بەو وڵاتانەی کە رێوشوێنی ئەمنی توندیان گرتۆتەبەر بۆ پاراستنی کەشتیەکانیان. لە سنوری دەریای وڵاتی سۆماڵیشدا پارێزگاری لە کەشتیەکانیان بکەن بەو مەرجەی هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی سۆماڵدا بکەن، لە هەمانکاتیشدا دەبێت هەر وڵاتە و کەشتی جەنگی تایبەت بکات بۆ جێبەجێکردنی مانۆڕی سەربازی لەوناچانەدا، دوابەدوای ئەم هەنگاوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا، مانۆڕی سەربازییان ئەنجامدا لەوناوچانەدا، لەسەرەتاوە هەماهەنگی وڵاتەکان لە ئاستی پێویستدا نەبوون، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات دۆخەکە گۆڕا و لە دوای پێکهێنانی سێ گرووپی هاوبەش کە لەچەندین وڵاتی جیاواز پێکهاتبوو، بۆ پاراستنی کەشتیەکان، یەکەم نێردەی کەشتی سەربازی لەلایەن وڵاتانی ئەندامی رێکخراوی ناتۆ بوو

لە ساڵی 2008 لە ژێر ناوی (ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی زەریا)، دووەم نێردەی دەریای لە هەمانساڵدا و لەلایان وڵاتانی یەکێتی ئەورپا و ڵاتانی تر کە ئەندام نین لە ناو یەکێتیەکەدا وەك (نەرویج)، لە ژێرناوی (ئۆپەراسیۆنی ئەنتاڵتا)، کۆتا نێردەی دەریایش لە ژێر ناوی (CTF-151) نێردرا.

ئەرکی نەهێشتنی چەتەکانی دەریا، ئەرکەکانیان تەواوکردنی ئەرکەکانی گررووپی (CTF-150) لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2009. لە ئێستادا گروپی سێیەم لە 27 وڵات پێکدێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرسێ گروپەکەی تردا ئەرکەکانیان بەڕێوە دەبەن، کە بارەگا سەرەکیەکانیان لە (نۆرس وودە)، لە بەریتانیا. دواتر لە ساڵی 2014 (هێزێکی دەریای سەر بە یەکێتی ئەوروپا) بە هەماهەنگی لەگەڵ (یەکێتی ئەفەریقیا لە سوماڵ) ئەرکی پاراستنی کەشتییەکانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی گرتە ئەستۆ، لە هەمانکاتیشدا چەندین وڵاتی تر هاوکاریانکرد وەك:-چین، روسیا، یابان، هند و کۆریای باشور. هێزی هەر وڵاتێك لەژێر دەسەڵاتی وڵاتەکەی خۆیدا بوو.

رێکخستنەکان بەجۆرێك بوو زانیاریەکانی هاتوچۆی کەشتییەکان دەگەیشتە سەنتەرەکانی چاودێری، وەك (سەنتەری شانشینی بەریتانیا بۆ کاروباری دەریاوانی و ئاڕاستەکردن) کە بارەگاکەی لە «دوبەی» و چاودێری کەشتیەکانی دەکرد، کە بە نۆکەندی سوێسدا تێدەپەڕن بەرەو خۆرئاوا، لە هەمانکاتیشدا سەنتەرێکی تر هەیە بەناوی (سەنتەری پاراستنی دەریا- وڵاتانی ئەفەریقیا) لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی ئەوروپادایە و چاودێری ئەوکەشتیانە دەکات کە بە کەنداوی عەدەن تێدەپەڕن بە درێژای کات. ئەرکی ئەم سەنتەرەش ئاڕاستەکردنی کەشتیەکانە و زانیاری لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستن لە چەتەکانی دەریا دەداتە کەشتیەکانی کەنداوی عەدەن. لە هەمانکاتیشدا کەشتییە بازرگانیەکانی تریش دەتوانن خۆیان ناونوس بکەن تاوەکو سودمەندبن لە زانیارییەکانیان. لە ساڵی 2009دا، هەماهەنگییە

دەرياييەكان باشتركران لە ژێر ناوی (هۆشداری هاوبەش و بەدووربون لەكێشە)، كاری ریكخستن و تەنسیقی باشتر لە نێوان وڵاتان وكەشتییە تێپەڕبووەكانی ناوچەكە هەبوو.

لەهەمانكاتیشدا یاساكانی بەرەنگاربونەوەی چەتەكانی دەریا روون و ئاشكرایە و بەپێی بڕیاری ژمارە 1816 كە سنورەكەی فراوانتركرا تاوەكو سنوری دەریای وڵاتی سۆماڵیش بگرێتەوە، بەڵام بەربەستێك هاتەپێش ئەم بڕیارە ئەویش ئەم پڕۆژە یاسایە لەكاتێكدا جێبەجێكراوە كە دیاردەی چەتەگەرێتی بوونی هەبووە، بەڵام لە ئێستادا كەمبۆتەوە و هەندێك وڵاتی تازە پێگەیشتوو دەیانەوێت پارێزگاری لە وڵاتەكانیان بكەن، خۆیان لە چنگی ئیمپراتۆریەتی داگیركاری بهێننە دەرەوە، ئەمەش بووە كێشەیەكی تر كە رووبەڕوی یاسای نێودەوڵەتی بووە و لە دەرئەنجامدا هەر وڵاتەو بە جیا مامەڵەی لەگەڵ یاساكاندا دەكرد، بە پاساوی ئەوەی هەندێك وڵات پابەند نابێت بە یاساكان و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ ناگرێت، دان نەنرا بە وڵاتی سۆماڵدا، پاشان بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەكیش نەتەوە یەكگرتووەكان ئەم خاڵە لاوازەی تاوتوێكرد و پڕۆژە یاسایەكی نوێ بە بڕگەی 1851 پەسەندكرد و رێگەیدا كە هێزی سەربازی مەیدانی تایبەت جوڵەی پێبكرێت لە سۆماڵ و لەهەمانكاتیشدا یاساكە رێگە بە هەماهەنگی نێودەوڵتی زیاتر دەدات و لە دوای ئەم بڕیارەش ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا گروپێكی پەیوەندی تایبەتی پێكهێنا بۆكەناراوەكانی سۆماڵ لە مانگی كانونی دووەمی ساڵی 2009دا، كار و ئامانجەكانیان لە پێنج خاڵدا خۆی دەبینییەوە:- یەكەم، بەهێزكردنی هەماهەنگی نێودەوڵەتی دەریایی و بەهێزكردنی تواناكانی وڵاتانی ناوچەكە، پێدانی زانیاری لەسەر چۆنیەتی رووبەڕوبوونەوەی هێرشی چەتەكانی دەریا و چاودێریكردنی رێكارە یاساییەكانی دادگایكردنی چەتەكان كاتێك دەستگیر دەكرێن، دابینكردنی كەرەستەكانی پارێزگاری لە ناو كەشتییەكاندا تاوەكو بتوانن پارێزگاری لە خۆیان بكەن، بەهێزكردنی

پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان و وشکردنی سەرچاوە داراییەکانی چەتەکان و لەناوبردنی ئەو لایەنانەی کە پاڵپشتییان دەکەن.

لە هەوڵێکیشدا بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی رووبەڕوبوونەوەی چەتەکان کە لە خۆرهەڵاتی ئاسیا کاریگەری هەبوو، (رێکخراوی دەریاوانی نێودەوڵەتی) چەند کۆبونەوەیەکی رێکخست تایبەت بە ناوچەکانی ئەفەریقیا لە سەرەتای ساڵی 2005 و لە دەرئەنجامدا لە ساڵی 2009 بڕیارێك جێبەجێکرا لەسەر (جموجۆڵ و هەڵسوکەوتەکانی چەتەکانی دەریا و تاڵانکردنی کەشتییەکانی کە بە خۆرئاوای زەریا هندی و کەنداوی عەدەندا دەڕۆن)، پڕۆژەیەك لە ژێر ناوی (رێکەوتنامەی جیبۆتی) ئیمزاکرا کە 17 وڵاتی لەخۆدەگرت. پێکهاتبوو لە سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە تاوەکو ئاستی هەماهەنگیەکانیان لەڕووی پەیوەندی و رووبەڕوبوونەوەی هێرشی چەتەکانەوە بەرز بکەنەوە.

دەسکەوتەکانیش خۆی لـەوەدا دەبینێتەوە کە سەنتەرێکی ئاڵوگۆڕی زانیاری دامەزرێن لە شاری (سەنعا)ی وڵاتی یەمەن و لەهەمانکاتیشدا سەنتەرێکی نیمچە هەرێمی لە شارەکانی دار سەلامی وڵاتی تەنزانیا و مومباسای وڵاتی کینیا دامەزرێندرێت کە ئەرکەکانیان خۆی لە لێکۆلینەوە و بەهاناوەچوندا دەبینیەوە.

بونی هەرسێ سەنتەرەکە گرنگە لەهەمانکاتدا گەربێت و هێزە دەریایەکان و پارێزەرانی کەناراوەکانی ناوچەکە هەماهەنگییەکی باش بکەن و سود وەربگرن لەو راهێنان و رێکارە یاساییەکانی کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ رووبەڕوبوونەوەی چەتەکان لە رێگەی سود وەرگرتن لە سیستەمی رادار و ئامێری دیاریکردنی ناسنامەی چەتەکان کە ریکخراوی ناتۆ و سعودییە پێشکەشیان دەکات، ئەوا کاریگەر دروستدەکەن لە بەرقەرار بوونی ئاسایش لە ناوچەکەدا.

**خۆرئاوای ئەفریقا**

وەك ئاشکرایە هێرشی چەتەکانی دەریـا لـە خـۆرئـاوای

ئەفەریقیا دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی بیست، ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی بەشێوەیەکی هێواش گیرانەبەر، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هاوکارییەکان و (ڕێکخراوی دەریاوانی لە خۆرئاوا و ناوەڕاستی ئەفەریقیا) تاوەکو ساڵی 1975 دانەمەزرا، لە هەمانکاتیشدا (ڕێکخراوی دەریاوانی نێودەوڵەتی) بووە هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی و گروپێکی پارێزگاری دەریاوانی نیمچە هەرێمی پێکهێنرا بۆ پارێزگاریکردن لە کەناراوەکانی ناوچەکە لە ساڵی2008دا، بەهەمانشێوە (ڕێکخراوی دەریاوانی نێودەوڵەتی) هەوڵی زۆریدا تاوەکو هانی وڵاتانی ناوچەکە بدات، کە کەرتی دەریاوانی ببوژێننەوە و بازرگانی بکەن.

لەهەمان کاتیشدا ئەم گۆڕانکارییانە جێگەی خۆی نەگرت و هێرش و ڕفاندنی کەشتییەکانی گواستنەوەی شتومەکەکان بەرەو زیادبوون چوو، لەگەڵ ئەوەشدا چەندلایەنێك هەیە دەستییان هەیە لە دزینی نەوت و لەهەمانکاتیشدا ڕووداوەکانی تاڵانکردن، هێرشەکان لە کەنارەکانی نەیجیریاوە تەشەنەی کردووە بەرەو کەناراوەکانی خۆرئاوای (بنین و توغو). لە ئاکامی ڕووداوەکانی مانگی ئابی ساڵی 2011، نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی دەربڕی و پڕۆژەیاسای ژمارە 2018 پەسەندکرد بۆ بەرزکردنەوەی هەماهەنگییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و دانانی خشتەیەکی ڕێکخرا و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکان و دانانی چەند خاڵ و ڕێکارێکی گونجا و بۆ ئاڕاستەکردنی کەشتییەکان کە بە ناوچەکەدا تێدەپەڕن و گروپێکی تایبەت نێردرایە ناوچەکە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ناوچەکە دوابەدوای ئەوە پڕۆژە یاسای 2039 ساڵی 2012 کرایە بواری جێبەجێکردنەوە، کە خۆی لەوەدا دەبینییەوە وڵاتانی ناوچەکە کار لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی چەتەکان و مانۆڕی دەریای گونجاو لەناوچەکەدا ئەنجامبدرێت و

چەند سەنتەرێك دروستبکرێت بۆ پێشکەشکردنی سکاڵا و داواکاری، هەروەها وڵاتانی زلهێزیش هاوکاری فراوان پێشکەش بکەن. دوا بەدوای ئەوەش (گروپی ئابوری بۆ وڵاتانی خۆرئاوای ئەفەریقیا)ش هاتە سەرخەت و لە بەهاری ساڵی2012 کۆنگرەیەکییان رێکخست و یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان ئیمزاکرد بۆ رووبەڕوبوونەوەی تیرۆرستان.

لە 19ی ئازاری ساڵی 2013 کار بە ڕێککەوتنامە کرا کە ئامانجی رێگری بوو لە چەتەگەرێتی بۆ سەر کەشتییەکان لە خۆرئاوا و ناوەڕاستی ئەفەریقیا لە وڵاتی بنین، لە هەمانکاتیشدا دەرگا کراوەیە بۆ هەر وڵاتێکی تر تا ببێتە ئەندامی کۆمەڵەکە و ئامانجی رێکەوتنامەکەش بەهەمانشێوەی (رێکەوتنامەی جیبۆتی)، ئەو رێکەوتنامەیەش، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەر وڵاتێك ناوی هەبێت لەبەڵێنامەکەدا دەبێت پابەندی هەماهەنگی نێودەوڵەتی بێت لەڕووی بەهێزکردنی پەیوەندی و تواناکانی رووبەڕوبوونەوە و کاروچالاکیەکانیان لە ڕێگەی چەند سەنتەرێکی تازەوە رێکبخرێت کە پێگەی سەرەکییان لە کامیرۆن دادەمەزێت.

وەکو ئاشکرایە بنەماکانی ئەم رێکەوتنامەیە فراوانترە لە (رێکەوتنامەی جیبۆتی)، چونکە گرنگی دەدات بە رێگریکردن لە تاوانەکان بە درێژای سنوری نیشتیمانی ناوچەکە، تیرۆری دەریا، راوەماسی بێمۆڵەت و بێسەروبەرە و چالاکی گومانلێکراو، لەگەڵ ئەوەشدا رێکەوتنامەکە پڕۆسەی راهێنان و رۆشنبیری کردن لەخۆدەگرێت و رێگەش دەدات بە هەڵگرتنی ئەفسەری باڵای بێگانە لەسەر کەشتیەکان بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری.

سەرەڕای هەموو هەوڵە ئەرێنیەکان بۆ رێگریکردن لە هێرشی چەتەکانی دەریا، بەڵام هەوڵەکان لە راستیدا لەسەر ئاستی ناوچەگەرێتییە و بەوشێوەیە نییە، کە لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا (دەستەی

دەریای بۆ کۆمپانیاکانی نەوت) بڕیاریدا بە دروستکردنی سەنتەرێکی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە غانا لە مانگی ئابی ساڵی 2013 دا و سەرەتای دەسپێکیان بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوو، بەڵام دواتر پشتگوێخرا لەبەر ئەوەی کارەکانیان لەسەر کاری ناوچەگەرێتی بەر تەسك بووە وەکو لەوەی ئەرکەکانیان لەسەر ئاستی جیهانی بێت. کۆمەڵێك هۆکارگەلی زۆر هەن بۆ سەرنەکەوتنی کارەکان لەوانەش:- نەبوونی سیستمێکی چاودێری ورد بۆ پاراستنی کۆگانی خەزنکردنی نەوت و کەمی ژمارەی بەندەر و بەوهۆیەشەوە کەشتییەکان دەبێت لە ریزدا بوەستن بۆ ماوەیەکی درێژ تاوەکو نۆرەیان دێت و بەمجۆرەش لە هەر ساتێکدا دەکەونە ژێر هەڕەشەوە، نەبوونی متمانەش لەنێوان سەنتەرەکان و کەشتییەکدا بەهۆکاری ئەوەی گومان دەکرێت زانیاریەکان دزەی پێبکرێت و بکەوێتە دەست چەتەکان، بەردەست نەبوونی سیستەمی پارێزگاری لە ناوخۆی کەشتیەکاندا لەبەر ئەوەی هەڵگرتنی چەك و پێدانی بەکارمەندانی ناو کەشتییەکە پێویستی بە رێوشوێنێکی زۆر یاسایی هەیە ودەبێت رەزامەندی چەند وەزارەتێك و لایەنێك بەدەست بهێنرێت تاوەکو رێگەبدەن چەك هەڵبگرن، لەگەڵ ئەوەشدا رێوشوێنە یاسایەکان ئاسان ناکرێت، چونکە پارەیەکی زۆر وەردەگیرێت لەبەرامبەر پێدانی مۆڵەتی چەك هەڵگرتن، نەبوونی سیستمێکی بەدواداچوونی رێخۆشکەر بۆ چەتەکان و تاوانکاران بە ئازادانە بسوڕێنەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی گەندەڵیەکی زۆر و تێوەگلانی هەندێك بەرپرس و لایەنی سیاسی ناو حکومەتەکان هۆکاری سەرەکین لە بەرامبەر بەرقەرار نەبوونی یاسا لە کەنداوی گینیا.

## چەتەکانی دەریا تەنها هۆکار نین

بەپێی (رێکەوتنامە تازەکەی خۆرئاوای ئەفەریقیا)، ئاماژە بەوەکراوە کە چەتەکانی دەریـا تەنها مەترسی سەرەکی نین لە تێکچوونی ئارامی ناوچەکە، بەڵکو چەند هۆکارێکی تریش هەیە، کە

پێویست دەکات تاوتوێ بکرێت. لەوانەش  بازرگانی نایاسایی وەکو بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر، مرۆڤ ، چەك و تەقەمەنی، هەندێك گیانەوەری دەگمەن لەهەمانکاتیشدا هێنان و بردنی چەند مادەیەکی خاوی بێمۆڵەت کە بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە ناوچەکەدا بازرگانی پێوە دەکرێت لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، راوکردنی بێمۆڵەت لە ئاوی ناوچەکەدا زۆرکات دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ و ئاژاوە لە نێوان چەتەکاندا کە دەبنە جێگەی مەترسی بۆسەر سەلامەتی کەشتیەکان، کە بەوناچەیەدا تێدەپەڕن.

راوکردنی بێمۆڵەت هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی چەتەگەرێتییە لە کەناراوەکانی سۆماڵ، گومانی ئەوە دەکرێت بەردەوامیدان بە راوکردنی بێمۆڵەت ببێتە هۆی زیادبوونی توندوتیژیەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا.

دیاردەی چەتەگەرێتی و بازرگانی نایاسایی کاریگەری خراپی لەسەر ژینگە دەبێت، لە ئەنجامی رووداوی (تسۆنامی) لە ساڵی 2004، ئاستی مەترسیەکانی زۆر بەرزکردەوە چونکە چەندین مادده و تەنی زیانبەخشی لە کەنار ئاوەکانی سۆماڵ بەجێهێشتبوو. لەبەرئەوەی چەندین پاشەرۆی زیانبەخش و مەترسیدار دەکرێتە نێو ئاوەوە لەو ناوچانە.

مەترسیەکانیش بەوە نەوەستا و چالاکی چەتەکانی دەریا لە نۆکەندی (ملقا و سینگافورا)، زۆر بەرزبۆوە و بەجۆرێك چەتەکان هێرشیان دەکردە سەر هەر کەشتیەك کە بەو ناوچەیەدا تێدەپەڕی و کۆنترۆڵیان دەکرد و هەموو بەرهەمەکەیان تاڵان دەکرد، کە پێکهاتبوو لە بەرهەمی نەوت و چەندین مادەی ترسناك و زیانبەخش لە رێگەی کەشتییەوە دەگوازرایەوە بەو نێوەندەدا.

لە کۆتاییدا پێویستە لە رێکەوتنامەکانی تردا پلانێکی جدی بگیرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکان و ژێرخانی ئابوریەکی بەهێزتر دابمەزرێنرێت، بۆ رێگریکردن لە هەر هێرشێك لە داهاتوودا.

## گۆڕانکارییە بەسودەکان لە کەنداوی عەدەن و دەریا عەرەبی

وەك ئاشکرایە کە (ڕێککەوتننامەی جیبۆتی)، ڕۆڵێکی کەمی هەبوو لەبەرامبەر (ڕێککەوتننامە تازەکەی خۆرئاوای ئەفەریقیا)، بەڵام دەتوانرێت سود لە چەند خاڵێکی ڕێککەوتننامە کۆنەکە وەربگیرێت لە فراوانترکردنی بنەماکانی ڕێککەوتنامە تازەکە. ئەویش خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە. یەکەم، دەتوانرێت ئاستی هەماهەنگیەکان و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لە چوار چێوەی پلانێکی دیاریکراودا بەرزبکرێتەوە و سەنتەری ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لە ناو هەموو یەکێتی ئەفەریقیادا جێگیربکرێت. دووەم، ڕێککەوتننامەکە بتوانێت ئاسایشی تـەواوی سنوری دەریـای ناوچەکە بکات و ڕاهێنانی سەربازیش لەخۆبگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەفسەری باڵا بڵاوەی پێبکرێت لەسەر کەشتییەکان تاکو ئاستی هەماهەنگیەکان بەرز بکاتەوە و ڕێگری بکرێت لە بازرگانی نایاسایی لە ناوچەکەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، چاودێریەکی وردی ناوچە ئاوییەکانی زەریای هندی و کەناراوەکانی سۆماڵ بکرێت کە دەوڵەمەندن بە سامانی ماسی و ڕێگری بکرێت لە ڕاوکردندی بێمۆڵەت، لە هەمانکاتیشدا بەرپرسیاریەتیەکەش بە تەنها لەسەر وڵاتانی ناوچەکە نییە، بەڵکو دەبێت وڵاتە زلهێزەکانی ناوچەکەش وەکو چین و تایوان و کۆریای باشور، هەماهەنگی زیاتر بکەن تاوەکو ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەکە بپارێزن لەبەرئەوەی بەیەکێك لە ناوچە دەوڵەمەندەکان دادەنرێت بۆ زیندەوەرە دەریاییەکان و ڕێگریکردن لە چەتەکان دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی سامانی ماسی بەتایبەتی ماسی (تونە) و بەروبوومە دەریایەکان تر.

گەربێت و ئاستی هەماهەنگیەکان کەمبکرێتەوە لەگەڵ گروپکاندا، بە تایبەتی یەکێتی ئەوروپا ئەوکات ناوچەکە دووچاری قەیرانێك دەبێت کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە.

ئەوناوچانەشی کە (رێککەوتننامە تازەکەی خۆرئاوای ئەفەریقیا) ناویان هاتووە بریتین لە :-

- کەنداوی عەدەن.
- خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا.
- وڵاتە دوورگەییەکانی زەریای هندی.

گەربێت و سنوری دەریایی لە رێککەوتننامەکەدا فراوانتر بکرێت بە جۆرێك ئەو کەشتیانەش بگرێتەوە کە لە کیشوەری ئاسیاوە دێن، ئەوکات سنوری زەریای هندیش دەگرێتەوە و ئاسایش و ئەمنیەتێکی باشتر بەرقەراردەبێت. گەربێت و ئەم بیرۆکەیەش لە ئێستادا جێبەجێنەکرێت، بەڵام دەبێت لە داهاتوودا هەر تاوتوێبکرێت.

## پووختەی ئەو وانانەی دەبێت سودیان لێوەربگرین؟

ئەو وانەیەی دەبێت سودی لێوەربگیردرێت، بریتیە لەوەی کە وڵاتی سۆماڵ هیچ نوێکاریەك و دەتسپێشخەریەکی ریشەیی ناکات بۆچارەسەرکردنی کێشەکان و کێشەی چەتەکان تاوەکو بێت فراوانتردەبێت لەهەردوو سنوری وشکانی و دەریایدا.

لە کاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەڵەتی سەرنج دەخاتە سەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی ریشەی بۆ سنوری دەریای.

لە هەمانکاتیشدا ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت ئەو توندوتیژیانەی کە لە ناوچەکەدا روودەدات لە دەرئەنجامی ململانێی توندی هۆزەکان و دروستبوونی گرووپە توندڕەوەکانی وەك (بزوتنەوەی گەنجان) ی سۆماڵ دروستبووە، لەگەڵ ئەوەشدا، نەبوونی هەوڵی سیاسی و خەرجنەکردنی بودجەی پێویست بۆ پاریزگاریکردن لە سنوری دەریایی و وشکانی، قەیرانەکە قوڵتر دەکاتەوە لە ناوچەکە.

ئەو هەوڵانەی کەگیراونەتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی چەتەکانی دەریا لە ئاستی پێویست نییە و ئەرکی پاراستنیش تەنها لە

ئەستۆی هێزە دەریایەکاندا نییە، بەڵام دەشتوانرێت چەند هەنگاوێك بگیردرێتەبەر لەپێناو باشترکردنی رەوشەکە:- ئاڵگۆڕکردنی زانیاری بەشێوەیەکی باشتر، دابینکردنی چەکی پێویست بۆ کەشتیوانەکان و چەند سەربازێکی تایبەت تاوەکو پارێزگاری لە کەشتییەکە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هێزێکی سەربازی یاوەری کەشتییەکان بکات، تاکو وەڵامدانەوەیەکی خێریان هەبێت بۆ هەر دۆخێکی ناهەموار. ئەم گۆڕانکاریانەش کاریگەری هەبوو لەسەر پاراستنی کەشتییەکانی بەرنامەی خۆراك و هاوکاریەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ سۆماڵ کە لە بەندەری مەقادیشۆ لەنگەریان دەگرت.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرفراوانی سنوری دەریایی عەرەبی ئەرکەکە ئەستەمتر دەکات لەبەردەم کەشتییە پارێزەرەکان تاوەکو بتوانن ئەوناوچانەش بپارێزن، ئەو کەشتیانەی بە ناوچەکانی سنوری دەریای عەرەبیدا تێدەپەڕن لەسەر ئەرکی خۆیان پارێزگاری لە خۆیان دەکەن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ئەمنیەی کە لە ناوچەکەدا هەیە، لەو چوارچێوەیەشدا هێزی دەریای سەر بە یەکێتی ئەوروپا دوو ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانیانکرد لە ناوچەکەدا، یەکەم، لە ساڵی 2010 بوو، کاتێك بڵاوەی بە کەشتی کرد بە درێژای کەنداوەکانی سۆماڵ بە مەبەستی رێگریکردن لە هەر کەشتیەکی گومانلێکراو کاتێك دەیەوێت بە ناوچەکەدا تێپەڕبێت، دووەم، ئۆپەراسیۆنەکەیان لەساڵی 2012 ئەنجامدرا و کۆگایەکی سەرەکی چەتەکانی کردە ئامانج و خاپوری کرد، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەردوو کردەکەدا چەتەکان تەنها کاردانەوەیان گۆڕینی ستراتیجیەتی خۆیان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کەمبوونەوەی هێرشە وشکانیەکان جێگەی پرسیارە و هاوکاتە لەگەڵ کەمبوونەوەی هێرشی چەتەکانی دەریا تا ساڵی 2013 بەردەوامی هەبوو، دوابەدوای (ئۆپەراسیۆنی ئەتلانتا) کە هێزی دەریای سەربە

یەکێتی ئەوروپا جێبەجێیکرد و دواتریش (ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی زەریا) کە لە لایەن ڕێکخراوی ناتۆوە جێبەجێکرا، بەردەوامی هەبوو تاوەکو ساڵی 2014، بەڵام پێدەچێت لە دوای ساڵی 2014 چیتر نەتوانرێت بەردەوامی بدرێت بە مانەوەی ئەو هێزە لەبەرئەوەی تێچوویەکی زۆری دەوێت و لە هەمانکاتیشدا هیچ نوسراوێکی لێکتێگەیشتنی ڕەسمی بوونی نییە تاوەکو بەردەوامی بدرێت بە مانەوەی ئەو هێزانە گەربێت و ئەم دۆخە بەوجۆرە بەردەوامی هەبێت، ئەوا چۆنییەتی بەرەنگاربونەوەی هێرشی چەتەکان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

لەسەروبەندی ئەوانەشەوە، ڕێوشوێنەکانی دەستگیرکردن و دادگایکردنی چەتەکان بەشێوەی هەڕەمەکیانەیە و هەندێکجار بەبێ دادگایکردن ئازاد دەکرێن، هەوڵی وشککردنی سەرچاوە داراییە دەرەکییەکانیان و دەستگیرکردنی لایەنگرە بەهێزەکانیان نادرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، توندوتۆڵکردنی ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەکە دەبێتە بەربەستێکی کاریگەر لەبەردەم کارو چالاکیەکانی چەتەکاندا و ئەوکات بیر لەوە دەکەنەوە ڕوو لە هەندێك ناوچەی تر بکەن بۆ بە دەستهێنانی دەسکەوتەکانیان لەبەرامبەر مەترسییەکی کەمدا، بەڵام ئەوەش خەرجیەکی زۆری دەوێت تاوەکو ڕێگری بکرێت لە هێرشی چەتەکان لەناوچەکەدا کە زۆرکات لەو داهاتە زیاترە کە چەتەکان لەبەرامبەر فرۆشتنەوەی کەلوپەلە دزراوەکاندا دەستییان دەکەوێت.

گەربێت و ئەو هێزە لەهەمان ئاستی کاروچالاکیدا بمێنێتەوە، لە داهاتوویەکی نزیکدا هێرش بۆ سەر کەشتییە گەورە بازرگانییەکان کەمدەبێتەوە و هەموو ئەمانەش جێگەی خۆی دەگرێت گەربێت و هاوکارییە دەرەکییەکان و ئاستی هەماهەنگیەکان بەرزبکرێتەوە.

## پێگەی وشکانی و دەریاییمان ؟

چارەسەری کێشەکانی سۆماڵ بابەتێکی سیاسیە نەوەك سەربازی، هێزیش تاوەکو ئێستا رۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵام ئەوەش تەنها بەس نییە، گەربێت و بەجۆرێکیتر ئاماژەی پێبکەین بابەتی چەتەکانی دەریا لە سۆماڵ کێشەیەکی ئابورییە نەوەك دەریایی، بەتێپەڕبوونی کات رۆژگاریش پیشانماندەدات جێبەجێکردنی ئەم رێوشوێنە ئەمنیانە بونەتە فاکتەرێکی بەهێز تاوەکو سەرکردە و دەسەڵاتدارانی پشتی چەتەگەرێتی ئەو داهاتەی، کە بۆ چەتەگەرێتی خەرجیان دەکرد بەرە و ئاڕاستەیەکی تری دەبەن و دەیانەوێت لە رێگەیەکی ترەوە سەرمایەکانیان زیادبکەن، وەك:- پڕۆژە بازرگانیاکانی خانوبەرە و ئوتێل یاخود کڕین و فرۆشتنی مادە هۆشەبەرەکان لە ناو شارەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، گۆڕانکارییەکان لە سیستەمی وەبەرهێناندا هانی زۆربەی سەرمایەدارە سۆماڵیەکانی دەرەوەی وڵاتیدا تا وەبەرهێنان لە ناوخۆی وڵاتەکەیاندا بکەن، ئەمەش بە هەوڵی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کینیا و سۆماڵ ئەم هەلە هاتە کایەوە.

لە هەمانکاتیشدا دەبێت ئەوەمان لەبیربێت تا ئەوکاتەی ژێرخانێکی ئابوری بەهێز پاڵپشتی لە دیاردەی چەتەگەرێتی بکات، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە لە هەر سات و ئانێکدا دیاردەکە سەرهەڵبداتەوە، گەربێت و ئەمنیەت و ئاسایش لە ناوچەکەدا لاوازبێت.

هەرچەندە ئاستی ململانێ و توندوتیژیەکان کەمبونەتەوە لە ناوچەکانی سۆماڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەربەردەوامی هەیە، چونکە رووبەرێکی زۆر هەیە کە حکومەتی ناوەندی هەژموونی بەسەردا نییە

و (بزوتنەوەی گەنجان)ی سۆماڵیش تاوەکو ئێستا جێگەی هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی ناوچەکە گەربێت و دۆخەکە خراپ ببێت یاخود هاوسەنگی تێکبچێت لەسەر وشکانی، ئەوکات کاریگەری نەرێنیش دەکاتە سەر داهاتووی هێزەدەریایەکانی ناوچەکە و پێدەچێت بکشێنەوە و هەموو پەیوەندییەکانی هەماهەنگی بووەستێنن و ئەوکات ئەگەرێکی زۆر بەهێز دەبێت بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی چەتەگەریتی لە کەنارئاوەکانی سۆماڵ، پێشبینی دەکرێت وڵاتانی خۆرئاوا کاردانەوەیان هەبێت، بەڵام ئەوکات پرسیارێك دێتە ئاراوە، کێ جێگەی ئەوهێزە دەریایە دەگرێتەوە گەر دۆخێکی لەو جۆرە رووبدات؟

پێشبینی 4 هێز دەکرێت ببنە جێگرەوەی هێزەکان:-

- هێزی نەتەوە یەگرتووەکان
- هێزێکی گەورەی هەرێمی لە هەریەك لە وڵاتی چین و هند
- هێزی پارێزەری کەنارئاوەکان
- کۆمپانیا تایبەتمەندەکانی پارێزگاری لە سەلامەتی دەریاوانی

بەڵام پێناچێت نەتەوە یەگرتووەکان بە ئەگەرێکی بەهێز دابنرێت، لەبەرئەوەی زۆرینەی وڵاتان پاڵپشتی ناکەن، لە هەمانکاتیشدا هێزە دەریاییە هەرێمیەکان ئەرکەکانیان لە دەریای عەرەبە، لە روانگەیەکی تریشەوە هێزی پارێزەری کەنارئاوەکان بە پاراستنی سنوری ئاوی ناوچەکانی خۆیانەوە خەریکن و پشتیان بەستووە بە هاوکاری دارایی و سەربازییە دەرەکیەکانی وڵاتانی چواردەور وەکو (ئیمارات و هند).

لە دەرئەنجامی ئـەم گرفتانەشەوە، پێدەچێت کەشتییە تێپەڕبووەکان پشت بە کۆمپانیا ئەمنیەکان ببەستن بۆ پاریزگاری کردنیان.

## هەڵسەنگاندنەکان

بە درێـژای لێکۆڵینەوەکانی بیست ساڵی رابـردوو، رێکخراوە ناحکومیەکان و وڵاتانی ناوچەکە نایانەوێت بگەنە چارەسەرێك بۆ بنبڕکردنی کێشەی چەتەگەرێتی، هەرچەندە کەشتییەکان بە بەردەوام بەو ناوچانەدا گوزەر دەکەن و بە بەردەوامیش دەکەونە بەر هێرشی چەتەکانی دەریا، چونکە هەریەکە و بەرژەوەندی خۆیان هەیە لەو کێشانەدا، چارەسەری ئەم کێشەیەش لە ئەستۆی وڵاتانی ناوچەکەیە تاوەکو داوا لە ئەنجومەنی نەتەوەیەگرتووەکان بکەن بۆ کاروباری دەریاوانی پڕۆژە یاسایەك جێبەجێبکات، بۆ پاراستنی کەشتییەکانی ناوچەکە.

وەکو ئاشکرایە تاوەکو ئێستا هیچ هەڵێك نەدراوە بۆ فراوانکردنی بنەماکانی (رێککەوتننامە تازەکەی خۆرئاوای ئەفەریقیا) تاوەکو ئاستی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە هەرێمەکاندا زیادبکات و سنورێکی زۆرتر بگرێتەوە و کاربکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی ناوچەکە و یەکێتی ئەفەریقیا بکرێتە سەنتەری زانیاریەکان، لە هەمووشی گرنگتر، تاوەکو ئێستا رێکەوتنامەکە نەبۆتە رێگرێك لەبەردەم دیـاردەی راوەماسی لە لایەن وڵاتانی ترەوە کاتێك لە سنوری ئاوی خۆیان دێنەدەروە و دەچنە سنوری دەریای وڵاتێکی ترەوە.

سـەرەڕای ئـەوەش، گرتنەبەری هەر رێوشوێنێك قەیرانەکە بۆ ماوەیەکی کاتی چارەسەر دەکـات، چونکە چارەسەری کێشەی چەتەگەرێتی لە راستیدا لەسەر وشکانییە نەك لە دەریـادا، لە هەمانکاتیشدا نەبوونی ئیرادەیەکی بەهێز و بەرقەرارنەبوونی یاسا لە وڵاتی سۆماڵ، هۆکارێکی ترە بۆ بەردەوامبوونی کێشەکان پێویست دەکات گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە سیاسەت و ئابوری کۆمەڵگای سوماڵیدا بکرێت، تاوەکو رەوشەکە ئارامبێتەوە.

لەکۆتاییدا، پێویستە بەشێوازێکی دانایانە هەنگاوبنرێت بۆ گۆڕانکاریکردن و بەرقەرار بوونی یاسا لە هەموو رووەکانە و ئاسایش لە وشکانی و دەریاشدا بەرقەرار ببێت. ئەمەش رۆڵی خێرا و کاردانەوەی کاریگەری کۆمپانیاکان و تاکەکانی کۆمەڵگای سومالْب دەوێت. هەروەکو «دیبورا ئەفنتا» دەڵێت (گەر راوێژ بە مێژوو بکەین، سود لەهەموو هەنگاوەکانی ڕابردوو وەردەگرین بۆ هێنانەکایەی چەندین هەنگاوی سەرکەوتووتر بە چەند رێگەیەکی جیاوازتر).

بەرقەرابوونی ئەمنیەت و ئاسایش لە کەنداوی عەدەن ودەریای عەرەبی، پێویستی بە هەماهەنگیەکی تەواوی وڵاتانی ئیقلیمی دەبیت و بە سود وەرگرتنیش لە زانیاریەکانی وڵاتانی تر، چارەسەرکردنی ریشەیی کێشە دەرياییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەستۆی ئەو وڵاتانەیە کە لەسەر دەریان.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |